وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی لوبنانی فەرەنسی

کۆلێژی یاسا و پ. نێودەوڵەتیەکان

بەشی دیبلۆماسیەت و پ. نێودەوڵەتیەکان

# دیراساتی ئاینده له پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

م. احمد بابکر بەرەکەیی

ئایندەناسی وەك بوارێكی ئەكادیمی و مەعریفی كە بە ڕای بەشێك لە پسپۆڕان دەشێت وەك زانستێكی نوێ لێی بڕوانرێت، لە ئێستادا پێویستییەكە بۆ ئامادەكردنی مرۆڤ بۆ پێشوازی لە ئاینده و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕووداوانەی كە دێنە سەر ڕێی. ڕێكنەكەوتنی پسپۆڕانی بوارەكە لەسەر هەڵبژاردنی چەمكێكی دیاریكراو و جیاوازی بۆچوونەكان لەسەر سنوور و ئەركی هەریەكە لە لقەكانی تری پەیوەست بە ئایندەناسی وەك بەرنامەڕێژی و پێشبینی، هۆكارێكی سەرەكین كە چەندین پسپۆڕی و بواری جیاواز لەژێر چەتری ئایندەناسی بكرێنەوە و هەر كامیان بەپێی ئەرك و بەرپرسیارێتییەكانیان كۆمەڵێك چوارچێوە بۆ خۆیان دیاری بكەن.

ئایندەناسی لە پێناسەیەكی كورتتدا بریتییە لە لێكۆڵینەوەی ئاراستە هەنووكەییەكان بە مەبەستی پێشبینیكردنی گۆڕانكارییەكانی ئاینده، بە شێوەیەكی سیستماتیك كە لە خواستەكانی ناو كۆمەڵگەوە سەرچاوە بگرێت. ئەم هەوڵە سیستماتیكە تێڕوانینە بۆ ئایندەیەكی "درێژمەودا" لە سەرجەم بوارەكانی زانیاری، تەكنەلۆجیا، ئابووری، ژینگە و كۆمەڵگە و وەبەرهێنان لەو بەشانەی كە زۆرترین سوودیان بۆ لایەنە جیاوازەكانی ژیانی مرۆڤ دەبێت.

بۆیە ئایندەناسی بریتییە لە "خۆئامادەكردن بۆ ئاینده" و بەكارهێنانی "سەرچاوە هەنووكەییەكان" بە باشترین شێواز لە پێناو "بەها ئایندەییەكان"

**ئایندەناسی ئاماژەیەکە بۆ توانای وێناکردنی ئەوەی کە پێدەچێت ڕوو بدات و ڕێگە بە مرۆڤ دەدات کە هەوڵی هێنانەدیی بدات ئەگەر بە قازانجی بێت یان ڕێگریی لێ بکات ئەگەر بە زیانی بشکێتەوە.**